بۆکان له مێژوودا(٣٢)                    ئەنوەر سوڵتانی

## چیرۆکنووسانی بۆکان

له بەشی ٣١ی ئەم زنجیره یاداشتانەدا باسی نەمر حەسەن قزلجی و کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدام کرد. جگه له چیرۆکەکان و شوێنی ڕووداوەکان، نووسەر خۆی بەشێک له مێژووی بۆکانه.

به هەمان شێوه، ژمارەیەک چیرۆکنووس له بۆکان هەڵکەوتوون که ئەوانیش خۆیان بەشێک له مێژووی فەرهەنگی بۆکانن- چ بابەتی نووسراویان له بۆکان ڕوویدا بێت یان نا.
پێشڕەوانی کاروانی چیرۆکنووسانی بۆکان، بێگومان مامۆستا قزڵجیه و دەست به جێ دوای ئەو دەبێ باس له بەڕێز کاک سەلاحوددینی موهتەدی و کاک سوارەی ئیلخانیزاده و کاک حەسەن ئەیوب زاده بکرێت.

چیرۆکی"نان و فیشەک" و چەند چیرۆکی دیکەی کاک سەلاح له ڕۆژانی ڕەشی ڕژیمی شا و توند و تیژییەکانی ساواک له کوردستان، به نهێنی سەریان به ماڵی هەموو خەباتگێران و ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا کرد. هەروەها کارەکانی کاک سوارەی نەمر- که بەختەوەرانه بەشی زۆریان له ڕادیۆی کوردی تارانەوه بڵاوبوونەتەوه و دواتر له کتێبی"تاپۆ و بوومەلێڵ" دا چاپ بوون، سەرەتایەکی باش بوون بۆ بەرزبوونەوەی دیواری قەڵایەک که ئێستا چیرۆکنووسیی لاوانی بۆکانه و بەختەوەرانه خەڵکانێکی لێهاتووی زۆر خۆیان تێدا حەشارداوه.
ئەم یادداشتانه دەرەتانی پێراگەیشتن به کاری یەک یەکەی چیرۆکنووسەکانی بۆ نییه، بەڵام لێرەدا لیستەیەک له ناو و شوێنەواری ئەو کەسانه پێک دێنم که نووسینەکانیانم له بەر دەستدایه.
بۆ کەسانێک که دەستم به نووسینەکانیان ڕانەگەیشتوه دەبێ دواتر- کاتێ که شارەزاییەکیان لێ پەیدا بکەم، لیستەیەکی جیاواز پێک بهێنم.

١. نەمر حەسەن قزڵجی        کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدا
٢. نەمر سواره ئیلخانی زاده
٣. سەلاحوددینی موهتەدی      نان و فیشەک و....
٤. ئەنوەر ئێران زاده            "تاقه دار" و... له چیرۆکی تاقەداردا ڕووداوی پێش و دوای کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵابەگی باسی لێوه کراوه و ناوی زۆر کەسایەتی خەڵکی بۆکان هاتووه.
٥. حەسەن ئەیوب زاده
٦. فەتاح ئەمیری             هەوارەبەره و...
٧. حسێن شێربەگی
٨. محەمەد ڕەمەزانی
٩. سولەیمان فەرشی
١٠. حەمەدەمین شامحەممەدی     قەڵا
١١. بریا کاکه سووری            سیاسووت
١٢. عەلی غوڵامعەلی
١٣. ماپاره ئیبراهیمی
١٤. ئەحمەد تاها             گوڵی نیشتمان

١٥. ناسر وەحیدی خەوەڕاو
١٦. مستەفا ئیلخانی زادە
١٧. ڕەحمان سۆفی نۆرماڵ
١٨. عومەر مەولوودی
١٩. سولەیمان عەبدولرەحیم زادە
٢٠. قادر هیدایەتی